لە بواری ماندا کردوویەتی، بەو شێوە بەراورد دەکات، کە (ئاینیشتاین) لە بواری فیزیادا هەیگیرساندووە. ئەو گرفتانەی (دستایەڤسکی) هووبەوویان بووەتەوە، زۆر لەوانە ئاڵۆزترن، کە لە مانی تاکدەنگ (homophonic)، یان مانی مۆنۆلۆگیک (monologic)دا هەن، بەو پێیەی جیهانی (ئاینیشتاین) زۆر لە جیهانی (نیوتن) ئاڵۆزترە.

لێرەدا (تەدۆرۆڤ) لەسەر ئەم تێگەیشتنەی (باختین)دا دەوەستێت، بەوەی مانی فرەدەنگ هیی دنیایەکی جیاوازترە لەو دنیایەی مانی تاکدەنگ. دەکرێت بڵێین ئەو گرفتانەی مانووسانی وەک (ڤێرجینا ولف)، (جیمس جۆیس)، (مارسێل پرۆست)، (ولیام فۆکنەر)، (فرانز کافکا) و دواتریش (ئالان ڕەب گرێ)، (ئایرۆس مەردۆک)، (گوینتەر گراس)، (ئومبێرتۆ ئیکۆ)، (مۆلان کوندێرا) و زۆری دیکە هووبەووی بوونەتەوە، ئاڵۆزترن لەوانەی (دیکینز)، (بەلزاک)، (ڤیکتۆر هیگۆ) و ئەوانەی دی مامۆستایان لەگەڵدا کردوون، بەڵێ دەبینین شێوازی دەربڕین و تەکنیکەکانی گەڕانەوە گەڕانی گۆڕیان بەسەردا هاتوون. زمانیش ئاستێکی دیکەی هەیە، چونکە بە هووبەووبوونەوەی دنیایەکی هەمەڕەنگ و هەمەئاستە، زمان بەردەوام پێویستی بە هێزی دیکە هەیە. وەک (تەدۆرۆڤ) لە کتێبی ناوبراودا پێی وایە ئەو بایەخی تایبەتی بە زمان داوە، کە ئەو بایەخە گەکردن (utterance)یش دەگرێتەوە. واتە گەکردنی مرۆڤانە لە لایەک بەرهەمی کارلێکی زمانە و لە لایەکی دی ڕایەڵی ئەو گەکردنە (context of the utterance) بە مۆزوو دەگەڵێتەوە. لە گەکردندا گفتوگۆگەرایی (dialogism) دێتە کایەوە. بە مانایەکی دی، دەقئاوەزان (Intertextual) بەرهەمی ئەو گەکردنەیە. سەرجەم شتەکان ناویان هەیە و هیچ وشەیەک نییە، بە کار نەهێنرێت. هەر چەمکێک چ بە مەبەست و چ بەمەبەست بریتییە لە گفتوگۆ لەگەڵ چەمکەکانی پێشوودا، کە بە هەمان بابەتەوە پەیوەستن. هەروەها لەگەڵ ئەو چەمکانەی لە دوای دێن، یان پێشبینی کراون. وەک گوترا لایەنێکی ئەو گەکردنە بە مۆزوو دەگەڵێتەوە. واتە مۆزوو دەردەبڕێت.

بەم پێیە هەر دەنگێک کاتە لایەن خەڵکەوە گە دەکرێت، چ بە دەم و چ بە نووسین، لە توانایدایە بچێتە ناو قووڵاییی کەمەڵگە و لە ئاستی کەمەڵایەتیدا بەر دەنگەکانی تر بکەوێت، کە لێرەدا جیاوازی و هەمەڕەنگی دەنە کایەوە. لەبەر ئەوەیشە مان لە لای باختین دەبێتە شێوەیەک لە شێوەکانی ئێنترپێلەجیا. بوونی مرۆڤ بوونێکە لە گەاندایە. واتە خەسڵەتی هەمەڕەنگی (heterogeneous)ی هەیە و

ناکرێت کورت بکرێتەوە، بەڵکوو ئەو بوونە تەنیا لە دڵخۆی گفتوگۆدا بەرجەستەیە. لە گفتوگۆدا بوون دەردەکەوێت و لە بووندا ئەوەی تر دەدەرزێتەوە، بەو مانایەی تا ئەو ساتەی گفتوگۆ بەردەوام ببێت، بوونی مرۆڤ پتر دەچێتە ئاستی جیاوازی و هەڵەنگیینەوە.

ئۆگەر ڕەمانی فرەدەنگ لە لای (باختین) پشت بە گەکردن دەبەستێت، ئەوە ئەو گەکردنە کاتە کاریگەریی هەیە، کە کارەکتەرەکان ئازادن و نووسەر سەرکوتیان ناکات. واتە ئەو گەکردنە هیچ کەسی سەربەخۆیە و بیرۆکەی جیاوازی لە بار کراوە، بەو مانایەی ئەو جیاوازییانە بەر یەک دەکەون و شتی نوێ بە دەستەوە دەدەن، کە زمان توانای هەیە بە وردی ململانێی کەڵەپایەتی دەربڕێت و هەموو ئەو گۆڕانکارییانە دەربخات، کەمەگۆ پێیاندا تێدەپەڕێت. وەک گوترا گفتوگۆ بەرهەمی ئەو گەکردنەیە و تێیدا مرۆڤ نەک تەنیا جەستەی، بەڵکوو هەستیشی بە کار دەهێنێت. زوبان، لەو، چاو، دەستەکان و ئەوانەی دیکەیش لەو پرۆسەیدا بەشدار دەبن. پرسیاریش هەر لەوەدا دێتە کایەوە. مادام هەر کەسێک بەچوونی جیاوازی هەیە، ئەوە لە ڕێی ئەو گفتوگۆیەوە دەیانخاتە ڕوو، بەو مەبەستەی لەوانەی دیکە بگات. بە مانایەکی دی، گفتوگۆ بزوێنەری پرسیارە، کە لە ڕێی پرسیارەوە هەم ئەو ئاسمان (سپەیس)ـە گەورەتر دەبێت و هەم زمانی دەربڕینی کارەکتەرەکان پتر قووڵ دەبێتەوە.

* * *

ڕەمان بەوەدا خاوەنی خەسڵەتی شلکی (flexibility)یە، توانیوێتی لەگەڵ سەرجەم بوارەکانی فەلسەفە، سایکۆلۆجیا، سۆسیۆلۆجیا، ئەنتڕۆپۆلۆجیا و هیی دیکەدا بکەوێتە گفتوگۆوە و لەگەڵ بوارەکانی وەک شیعر، شانۆ، هونەری شێوەکاری، میوزیک، میتۆلۆژیا و ئەوانەی دیکەیشدا پێوەندی ببەستێت، بە ڕادەیەک هەم شوێنی هەموویان لە لای خۆی بکاتەوە و هەم لە لای سەرجەمیشیان شوێنی پێ بدرێت. ئەو فرەدەنگییە بەرهەمی ئەو شلکییەیەتی. بەم شێوەیە ڕەخنەدزان لە ڕێی چەمکەکانی وەک دەقئاوەزان (ئینتەرتێکستوالیتی)، کەرنەڤاڵ، کرۆنۆتۆپ، ئاسمان، پارەدی، شێوازگرایی (Stylisation)، لەتلەتی (Fragmentation)، فرەڕەگی (Hybridization) و هیی دیکەوە ڕەمانی فرەدەنگی دەناسنەوە و ئاستەکانی لێک دەدەنەوە.

ئاستە فیکری و فەلسەفییەکان بە تایبەت لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە ڕەگەخشکەر بوون بە لەدایکبوونی ئەدەبی فرەدەنگ، کە بەرهەمەکانی هەر یەک لە (کارل مارکس)، (فرێدریک نیتشە)،

(سیگمەند فرەید) و دواتر (هەنری برگسۆن)، (مارتین هایدیگەر)، (گاستۆن باشولار) و ئەوانەی دیکە لەو فرەییەدا بەشدارن. بە نموونە کاریگەریی فەلسەفەی (نیتشە) بەسەر هەمانی فردەنگەوە بە هەونی دیارە، کە من خەم لەو گفتوگۆیەی (شاخەوان سدیق) لەگەیدا کردووم و لە ژێر ناونیشانی (هەمان لە تاکدەنگەوە بە فردەنگ)دا چاپ کراوە، فردەنگیم بە ئەوە گەیاندووتەوە، بەوەی هەخنەی دەقانەی ئەو فیلەسوفە لە مەتافیزیکا، وای کردووە چەمکەکان تەک بشکۆن و هەر یەکەی کەمەک ئاستەی دیکەی لە ببنەوە. بە مانایەکی دی، چەمکی هەگەیانەوەی بەها (Transvaluation) بەر لە هەرچی وەستانەوەیە لە ئاستی حەقیقەتدا. کاتێ حەقیقەت تەک دەشکێت، ژیان بە فرەوانییەکەی دەردەکەوێت. کتێبی (جینیالۆجیای هەوشت: On the Genealogy of Morality) سێ ساڵ بەر لە دەستپێکی سەدەی بیستەمدا چاپ کراوە و تێیدا هەخنە لە سیستەمی هەوشتی باو دەگرێت، کە نەک هەر لە وەهمدا نغرۆ بووە، بەڵکوو شێواوە و لە بنەمای هەسنی خەی دوور خراوەتەوە. لەم هەوڵەوە دەنووسێت: ئەمە پێویستمان بە هەخنەی بەهاکانی هەوشت (moral values)ـە و بەر لە هەر شتێکیش پێویستە لەیان بکەینەوە. ئەمەیش ئەوە دەخوازێت لەو هەلومەرج و بارودۆخانە بگەین، کە تێیاندا گەورە بوون. واتە جینیالۆجیا پرسیارە لە خودی بەها، کە لەو هەیەوە نەک خەی، بەڵکوو ئەوانەیش تەک دەشکێنرێن، کە هایان گرتووە و هەشتوویانەتەوە. لە پارچەی (62)ی کتێبی (زانستی هەژی) لە ژێر ناونیشانی (ئەوەیە مرۆڤ: Ecce Homo)دا دەنووسێت: (بڕوا، من دەزانم لە کوێوە هاتووم. هەمیشە وەک بەسە تینووم. خەم دەخەمەوە و دەدروشمەوە. هەوناک دەبەتەوە، هەر شتە دەیهێنمە بەر چاو. ئەوەی جێی دەهەم، خەمەشە. من هەر بە دەنیایی بەسەم). واتە مرۆڤی یاخی، کە لە لای ئەو بە مرۆڤی باڵا ناسراوە، لە هەی ئەو بەها ساختانەوە خەی نابینێت، بەڵکوو وەک بەسەی ئاگر وایە، کە خەراکی خەی لە خودی خەی وەردەگرێت و هەر بەویش دەدروشتەوە. بەردەوامە و ئامانجی دیاریکراوی نییە.

* * *

پەوەری بەها بەو دابەشکارییەوە پەوەستە، کە دنیا دەکاتە بەشی چاکە و بەشی خراپە، جوان و ناشیرین، بەرز و نزم… هتد. لەردا هەوشت، دابەونەریت، ئایین و شتی دیکە هەی لەو دابەشکاری و دامەزراندنی ئەو هەرەمەدا دەبینن. جینیالۆجیا، کە هەم هەخنەیە و هەم لەکدانەوەی ئەنتەلۆجی، ئەو دابەشکارییە تەک دەشکێنێت و بەهاکان بە شێوەی دیکەی جیاواز هەک دەخاتەوە. بە مانایەکی دی، لە

ەی ڕەخنەو ماسکەکان، وەهمەکان و چینە پیرۆزەکان لا دەدرێن و بنەماکانی ئەو بەهایانە دەدزرێنەوە، کە ئەو پرسەسە بە سروشتی خەی کرانەوەییە. لەڕووەیە ئەو زمانەی بە جینیالۆجیاوە پەوەستە، زمانێکی ترازاوە و حەقیقەتی ناسراوی شتەکان دەرنابڕێت، بەڵکوو بەو هەزەی هەیەتی، حەقیقەتەکان تەک دەشکێنێت، تا لە ڕەی ئاماژەو بدوێت، کە ناکرێت لە شتی دیاریکراودا بڕوجەستەی بکەین.

چەمکی (مەرگی خوداوەند)یش هەر لەمەو چاو هەڵدێنێت، کە مەبەست لەو خوداوەندە نییە، لە خەیاڵی مرۆڤی باوەڕداردایە، بەڵکوو زەر لەو فرەوانتر، بە ڕادەیەک ئەو مەرگە لە بەردەوامیی خەی نەکەوتووە. وەک (جیل دولووز) لە کتێبی (نیتشە و فەلسەفە)دا پەی وایە {مەرگی خواوەند، یاخود (خداوەند مرد) بابەتێکی تیەری نییە، بەڵکوو بابەتێکی درامیی (dramatic proposition)ـە زەر بە چاکی، بگرە فرەییە، بەوەی ناکرێت خداوەند بکرێتە ئامانجی زانینێکی پڕکەوبەستراو (synthetic knowledge)، ئەگەر مەرگی تە نەئاخنرێت. کاتێ خداوەند دەمرێت، هەمیشە کەمێک جۆری مردنیش دەمرن}، کە ئەو گوتەیەی دواییانی لە کتێبی (زەردەشت ئاوا دوا)وە وەرگرتووە: (When gods die, they always die many sorts of death). کەمێک مردن دەمرن و لە بڕانبەردا کەمێک ژیان لە دایک دەبن. مەرگی خوداوەند واتە مەرگی هەموو ئەو بەهایانەی پەوەی پەوەست بوون. بەکورتی مەرگی ڕەوشتی کریستیانیتییە، کە بە داخراوی و سنووردارکی دەناسرێنەوە، تا لەوەوە ئەو بەهایانە لە دایک ببن، توانای بەردەوامیی و نوێبوونەوەیان هەیە. ئەو بیرکەیە دەبێتە پرۆبلەماتیکەکی گەورەی فەلسەفی و بە مەژووی فیکردا تێدەپەڕێت، کە ئەدەب و هونەریش دەگرێتەوە. (مارتین هایدیگەر) دەیباتە ناو مێتافیزیکا و مەرگی کات ڕادەگەیەنێت. (مەشەل فۆکۆ) مەرگی مرۆڤ، (ڕۆلان بارت) مەرگی نووسەر و (جاک دەریدا) مەرگی قسە. (واتەر بینیامەن)یش هەر زوو جاڕی مەرگی هونەری سەردەمی عەقڵی ئامرگەرای دا. ڕەبازە هونەری و ئەدەبییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، لە دادائی و سوریالییەوە تا ئەمڕۆ مەرگی ئەو شێوازە ڕاستوخۆیان ڕاگەیاند، کە تێیدا زمان یەکسان دەکرا بە شت، تا ئاماژەکان لە دایک ببن و لەمەو هیچ تێگەیشتنێک نەتوانێت ماناکان بخاتە ناو چوارچێوەوە. لە لایەکی دیکەوە (مەرگی خداوەند) مەرگی سێنترالیزمیشە، کە لەسەر دوالیزمەکاندا خەی جێگیر کردووە، بەو مانایەی نموونەیەکی باڵا و سەرەکی هەیە، کە تێکەڵی زانین و چالاکییەکان بە دووریدا دەخولێنەوە. ئەو نموونە باڵایە وەک هەزەکی مێتافیزیکی مەبەستیەتی زمان سنووردار بکات و ماناکان بخاتە ژێر

ەکەفی خۆیەوە. بەم شێوەیە زمان تەنیا ئەوە دەردەبڕێت، کە ئەو نموونە باڵایە دەیەوێت. لەڕدا نووسەر ڕۆڵی بانگخوازی ئایینی (preacher) دەبینێت و ئەرکی خوێنەر تەنیا وەرگرتنی ئەو پەیامانەیە، لە دەمی ئەو بانگخوازەوە دەردەچن. لەی تەدگات، چونکە زانراون و پێشتر بیستوونی. دەکرێت بگوترێت زمان زیندانەکە و تەیدا ماناکان بەپێی یاساکانی خێی هەدسووڕێنێت، لە کاتێکدا بە شکاندنی زیندانەکە، ماناکان ئازاد دەبن و لەکدانەوەی جیاوازجیاواز هەدەگرن. ئەو تێگەیشتنە هەزکی گەورە بە ئەدەب و هونەر دەبەخشێت و تەقینەوەی گەورەیان تەدا بەرپا دەکات، وەک چۆن خودی فەلسەفە وزەیەکی لەبننەهاتوو لە ئەدەب و هونەر وەردەگرێت، بە هادەیەک سنووری نەوانیان کاڵ بووەتەوە. ئەمڕۆ هەر ڕۆمانووسێکی داهێنەر فیلەسەفێک و هەر فیلەسەفێکیش ڕۆمانووسێکی فەردەنگە. (کامۆ)، (ئایرەس مەردەک)، (ئەمبەرتۆ ئیکۆ)، (مۆلان کۆندێرا) و زۆری دیکە بەو ئەندازەیەی ڕۆمانووسن، فیلەسەفیشن.

بایەخی جەستەیش هەر لە تەکشکاندنی ئەو سێترالیتییەدا خێی دەسەپێنێت، کە پێشتر بە هەی میراتی (پلاتۆ) و (دێکارت)ـەوە بە لاوە نرابوو. لە لای ئەو بە هەزکی گەورەوە دەردەکەوێتەوە. دواتر (مەریس مەرلۆپۆنتی) و (فۆکۆ)یش بە شێوازی خۆیان ڕووبەووی ئەو چەمکە دەبنەوە، بگرە دەبێتە بابەتێکی گرنگی فەلسەفی و لە ئەدەب و هونەری ئەو چەند دەیەی ڕابردوو بە ئەستایشەوە شوێنی گرنگ دەگرێت. بایەخی (نیتشە) بە جەستە و بە هونەری سەمای ئەو جەستەیە، کردنەوەی دەنگەکانی ئەو جەستەیە وەک لە زمانی (زەردەشت)ـەوە دەریدەبڕێت: (جەستە بریتییە لە کۆمەڵێک ئامێری هاوبەشی عەقڵ. بە ئەوەی باوەڕی پێ بهێنم، پێویستە سەماکەر بێت). جەستەی سەماکەر جەستەیەکی ئازادە و توانای بەرهەمهێنانی ئاماژەی جیاوازجیاوازی هەیە، کە دەستەڵاتی هیچ تیۆرییەک ناتوانێت سنووردارێی بکات و چوارچێوەی بۆ دابڕێژێت. بە مانایەکی دی، جەستەی بەهێز توانای بەرگریی هەیە و ڕێ نادات کورت بکرێتەوە.

(نیتشە) تێکەڵەی ئەو تێگەیشتنانە قۆپ دەکاتەوە، کە پێشتر لەبارەی جەستەوە خرابوونە ڕوو، تا ئەو چەمکە لە ژێر دەستەڵاتی مەعریفەی زانستیدا دەربهێنێت و بە ژیانەوە گرێی بداتەوە، کە بەوەدا ژیان هەمەڕەنگ و هەمەئاهەنگیە، جەستە دەبێتە کۆمەڵێک کۆنایی دەربڕین.

* * *

دەکرێت تێکەڵەی فەلسەفەی (نیتشە) لە کرانەوەیدا بەرجەستە بکەین،

بۆی ڕەخنەی ئۆ لە مەتافیزیکا تەنیا کەمێک چەمکی وەک حەقیقەت، جەستە، مەرا، بۆها، زمان، کات و هیی دیکە ناگرێتەوە، بەڵکوو سەرجەم فەلسەفە لە (سۆکرات)ـەوە بۆ (دێکارت) و لۆکۆ تا (کانت)، (هیگڵ) و ئۆوانەی تر دەکۆنە بەر زەبری ئۆ ڕەخنەیە و تەک دەشکێنرێن، کە تەکشکاندن لە فەلسەفەدا هاوواتای کرانەوەیە. مەژووی فەلسەفە بریتییە لە پرۆسەی تەکشکان و کرانەوە. لە ژێر زەبری ئۆ ڕەخنەیەدا چەمکە جیاوازەکانی وەک مرۆڤی باڵا، گەردانەوەی هەمیشەیی، نیهلیزم، ویستی هێز، ئیرادەیی، هزری مگەل (herd mentality) و زۆری دیکە ڕووتی فەلسەفیان گەڵی و دیاردەکانی دیکەیان کردەوە، کە ئەدەب بە گشتی و ڕەمان بە تایبەتی لەگەڵ ئۆو گەڕانکارییەکانەدا توانیوێتی گفتوگۆی کاریگەر دابمەزرێنێت.

ئۆو ڕەخنەیەی (نیتشە) لە سەدەی بیستەمدا ئاڕاستەی جەراوجۆری لە دەبنەوە، کە هەر یەک لە فیلەسوفانی وەک (هایدیگەر)، (ئادۆرنۆ)، (فۆکۆ)، (دولووز)، (دەریدا)، (لیوتار) و زۆری تر فەلسەفەی جیاوازیی خۆیان دادەمەزرێنن. بەم شێوەیە (فەلسەفەی جیاوازی) دەبێتە ناونیشانێکی فراوان بۆ سەرجەم ئۆو فەلسەفانەی ڕەخنە لە دۆخی مۆدێرنیتی دەگرن و تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە. دەرکەوتنی چەمکی (جیاوازی) بە هۆی ڕەخنەگرتن لە چەمکی (شوناس)ـەوە سەری هەڵدا، کە ئۆویان ناوەرۆکی مۆدێرنیتییە. ئەدەب بە گشتی و ڕەمانی فرەدەنگ بە تایبەتی توانیوێتی هاوئاهەنگی لەگەڵ هەموو ئۆوانەدا بکات و ئۆو هەرەمە تەک بشکێنێت، کە ڕەمانووسی تاکدەنگ پەنای بە بردووە. بۆوەدا ڕەمانی فرەدەنگ ڕەگی لەناو هەموو کایەکاندا هەیە، بەرگەی ئۆو هێزە دژەکیانە دەگرێت، کە مۆبەستیانە بیخەنە چوارچێوەوە و لە یەک گۆشەنیگاوە بیخوێننەوە. بە مانایەکی دی، لە ڕەمانی فرەدەنگدا هەرەم ون دەبێت.

ئۆو هەرەمە بەپێی پرینسیپی پێوەری بۆهاکان دامەزراوە، کە دوالیزمی چاک و خراپە نەخشاندوویەتی. چی پەسەندە و چی ناپەسەند؟ کارەکتەری چاکخواز لایەنگری چاکە و کارەکتەری خراپکار نوێنەری بۆها ناپەسەندەکانە، کە وەک گوترا کاتێ ئۆو بۆهایانە جینیالۆجیایان بۆ دەکرێت، خودی هەرەمەکە هەرەس دێنێت، تا بە شێوەیەکی جیاواز ڕەک بخرێتەوە. لەمەوە چاکە چاک و خراپە خراپ نییە. وەک گوترا ئۆو کرانەوەییەی (نیتشە) لە فیکری دوای خۆیدا کاریگەریی گەورەی دەبێت، کە ڕەمانی فرەدەنگ تێیدا گەشەی کردووە. بە نموونە لە لای (فۆکۆ) چەمکی ئارکیۆلۆجیا دەردەکەوێت، کە ڕستەی

(ئارکیۆلۆجیایەکی زانستە مرۆییەکان: An archaeology of the human sciences) وەک ناونیشانێکی لاکاڵی بۆ کتێبی (وشەکان و شتەکان) دادەنێت و لێیەوە بۆ شێوەیەکی دیکەی جیاواز چەمکگۆڵی وەک (شتی)، (سەکسوالیتی)، (زمان)، (مەرگ)، (ئێشکەنجە)، (زیندان) و زۆری دیکە دەخوێنتەوە. پێی وایە لە سەدەی نۆزدەوە پێوەر لە ڕووداوەکان وردەکانەوە خرایە گەڕ، بۆ مانایەکی شێوەیەکی چاودێری خەڵکی سەپاند. واتە خرایە ناو چوارچێوەی پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە، تا جەستە ملکەچی دامودەستگەکان بکات، کە لێرەدا پاداشت و سزا دەرکەوتن. ئۆگەر لە کۆمەڵگە کلاسیکییەکاندا یاسا ئۆو پاداشت و سزایەی جێبەجێ دەکرد، ئۆوە لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا پێوەری بڕیاکان شوێنی ئۆو یاسایە دەگرێتەوە، بۆوەی چی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ڕێی پێ دراوە و چی قەدەغەیە. لێرەوە بۆ دوالیزمی (چاکە و خراپە) یە هەموو کردار و هەڵسوکەوتکیان لەک دەدرێتەوە. چی ئێمیانە و چی ئۆویان؟ کامیان پەسەند و کامیان ناپەسەند؟ یاسای نووسراو دەتوانێت ئۆوانە سزا بدات، کە بڕیاری فەرمان بەند لایان داوە، بەڵام هەرچی پێوەری بڕیاکانە، ئە دەچێتە ناو وردەکارییەکانی تاک و مۆبەستیەتی بوونی داگیر بکات. لێرەوە ئۆو پێوەرە دەچێتە ناو دامودەستگەی زانین (مەعریفی)یەوە، کە ئۆرکی ئۆو دامودەستگایانە بڕیتییە لە بڕوودان بۆ بڕیارنە و بۆ حەقیقەتەوە پێوەستیان دەکەن، تا لەو ڕێیەوە هەر شتێکی دیکەی لەو پێوەرە جیاوازە، بدەنە دواوە. واتە ئۆو پێوەرە شوناس دروست دەکات و ئۆو شوناسە بۆ سەرکوت دەخرێتە گەڕ.

* * *

ڕەمانی فرەدەنگ لەناو ئۆو ئێتمسفێردا ڕووبەڕووی ئۆو پێوەرانە دەبێتەوە، کە بۆ بڕیاکان دانراون. بۆوەدا توانای داهێنانی ڕەگەز و تەکنیکی نوێی هەیە، ئۆوە هەڵکەڕێین بۆ ئۆو بڕیانە دەکات و ئاستە شاراوەکانیان دەردەخات، بۆ ئادیەک ئۆوی دەردەخرێت ئاستی ترازاوی بڕیاکانە، نۆوک ئاستە زانراوەکانیان. لێم نۆوەدا دەنگی جەراوجەر و ئاستەی جەراوجەر لە بونیادی ڕەماندا دەردەکەون. بۆم شێوەیە ڤیبەژەری هەمووشتزان بۆ سروشتی خەی گوم دەبێت، کە کەڕەگەی پشتی ڕەمانی تاکدەنگە، بگرە وەک گوترا خواوەندیەتی، چونکە سەرچاوەکانی زانیاری گەڕاون. وەک (جیل دەلەز) لە هەمان کتێبی ناوبراودا دەڵێت (نیتشە) لەسەر شێوازی (فرێید) پێی وایە {هۆشیاری ناوچەی من (ئیگۆ) دەگرێتەوە، کە دنیای دەرەوە کاریگەریی لەسەر دادەنێت}. بۆم شێوەیە هەر کارەکتەرێک خاوەنی (من)ی خۆیەتی و ئۆو

سەنتراڵیتییە کاریگەریی نامێنێت. لەمەیشەوە نووسەری تاکدەنگ، کە شوێنی خوداوەندی گرتووەتەوە، دەمرێت و ژیان بە کارەکتەرە جیاوازەکان دەبەخشرێت. مردنی نووسەری تاکدەنگ، واتە مەرگی بەها و هۆشتە باوەکان، تا کارەکتەرە جیاوازەکان بە هۆشتی جیاواز و بەهای جیاوازەوە شوێنی بگرنەوە. هەر لەرەوە لایەنی هێحی ئەو بایەخەی نامێنێت، مادام کارەکتەر لە هێی جێستەیەوە پەیوەندی بە واقیعەوە دەکات، بگرە جێستە دەبێتە زمانی کارەکتەر. وەک پێشتر گوترا جێستە هێ نادات کورتی بکەنەوە، بەڵە جێستەی هێمانی فرەدەنگ بەرەو نەزانراو ئاڕاستەیە و ژیان بە فرەوانییەکەی دەردەبڕێت، نەوەک شتەکی زانراوی دیاریکراو، تا کورت بکرێتەوە.

ئاڕاستەی (نیتشە) و هیی ئەوانەی تریش وایان کرد ئەدەب بە گشتی و هێمان بە تایبەتی پشت لە ڕاستەوخۆیی بکات و بەرەو نەزانراو مل بنێت، بە ئەوەی هیچ ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت، کە هەر لەرەدا وێنە شوێنی وشەی گرتەوە. واتە بە لێکدانەوەی تێکستی هێمانی فرەدەنگ، ناکرێت وشەیەک بگرین، تا جارێک لەگەڵ وشەکانی بەردەمی و جارێک لەگەڵ ئەوانەی دواوەیدا پەیوەستی بکەین، بەو مەبەستەی مانایەکی دیاریکراوی لە پەک بهێنین، بەڵکوو وێنەکان هەن، کە ناتەواو و تێکشکاون، بە ڕادەیەک هەر خوێنەرێک دەتوانێت لەسەر شەوازی خەی پێکیان ببەستێتەوە. ڕاستییەکەی چەمکی خوێنەر بە مانا جیاوازەکانیەوە لەرەدا لە دایک بووە و پێ گەیشتووە، کە لەم شەشت حەفتا ساهێی ڕابردوودا کەهێک تیەریستی داهێنەر کاریان لەسەر کردووە و لە کرانەوەیی هێماندا هێی گرنگیان بینیوە. دەکرێت بگوترێت خودی ئەو تێکستە هێگرە لەوەی خوێنەر بە شەوەی ڕاستەوخۆ بیخوێنێتەوە و مانای ئامادەکراوی لە وەربگرێت. ئایا بە نموونە بەرهەمەکانی (جیمس جۆیس) هێی خوێنەر دەدەن بە شەوازی وشەبەوشە بیانخوێنێتەوە و تێیاندا ئەو مانا زانراوەی بە دوایاندا دەگەڕێت، بدۆزێتەوە؟ هەمان شت بە هێمانەکانی (ئێندرە جید)، (ئەلبێر کامۆ)، (کامیلە خەزیە تەلا)، (خەزیە سەراماگوای)، (تێنی مەریسۆن) و زۆری دیکەیش دروستە. هەموو ئەو تەکنیک و فەنانەی هێمان لە (جۆیس)ـەوە تا ئەمڕۆ دایهێناون، بە هێوبەهێووبوونەوەی پەیوەری بەها بووە، کە ئەوانە وایان کردووە زمان فرەهەند، بگرە ئاهێز ببێت و بە ئاسانی خەی بە دەستەوە نەدات.

ئەگەر هێخنەدۆزان هێمانی پێستمەدێرن، یان هێمانی فرەدەنگ بە پشێوی (Turbulent) ناو دەبەن، مەبەستیان ئەوەیە لە کەهێک ئاڕاستەی جیاواز پەک هاتووە و ناکرێت گرێچنەک پەکەوەیان گرێ

بدات. ئەو پێشەوایە بەرهەمی ئەو گومان و دڵەڕاوکێیەی مرۆڤی ئەمڕۆیە، کە لە جیهانێکی هەمەئاستدا دۆڕی و ڕووبەڕووی گرفتە ئاڵۆزەکان دەبێتەوە، بە ئادەیەک زیاتر لە هەرکەسێکی هەیە. هیچ ئاستێک، هیچ هێزێک، هیچ بیرکەرەوەیەک و هیچ وێنەیەک ناتوانێت لەنێو ئەو پێشەوایەدا بە زەقی دەربکەوێت و ئەوانەی دیکە بسڕێتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەر ئاستێک گومان دەخاتە ئاستێکی دیکەوە، هەر هێزێک هێزێکی دیکە تێک دەشکێنێت، هەر بیرکەرەوەیەکی دیکە ناتوانێ پێشان دەدات و هەر وێنەیەک وێنەیەکی دیکە لەتڵەت دەکات. بەم شێوەیە هەمانی فرەدەنگ، فرەڕەنگ، فرەئاستە، فرەوێنە و فرەڕووکورت ناکرێتەوە. کام ئاستێیە، کام هێزە، کام بیرکەرەوەیە، کام وێنەیە کورت بکرێتەوە؟ وەک (داڤید لێج) لە کتێبی ناوبراودا جەخت لەسەر هەزی هەمان دەکاتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ حوکمی مۆژوودا.

* * *

کورتکردنەوە تایبەتە بە هەمانی تاکدەنگ، کە جۆرێکی سادەیە. بە زمانی ئاستوخە نووسراوە و تێیدا هۆشیاریی نووسەر لەسەر هێزێکی ئاستدا بە هۆشیاریی خوێنەر دەگاتەوە. بۆهاکان هێکەرینیان بە نەکراوە، بەڵکوو بە هەمان قاڵب داڕێژراونەتەوە، چینەکانی سەریان لا نەدراون و دەستەواتەکانیان پارێزراون. خوێنەر بە ئاسانی دەیانناسێتەوە، بۆی لەگەڵیان گۆڕە بووە و هێندەی نووسەریان لە بارەوە دەزانێت، بۆیە هەم دەتوانێت کورتیان بکاتەوە و هەم گوتەیان لە وەربگرێت، کە ئەگەر بە دیدی هەخنەییانە هەر کام لەو گوتانە بخوێنیتەوە، وەک پێشتر گوتوومە و کردووم، لە سادەیی و ووکەشی بەولاوە، هیچی دی نابینیت. هەر لەبەر ئەوەیشە ئەو جەماوەرە لەیان تێگەیشتووە و هێندە پێیان سەرسامە. ئەمە هەمانکە دەرچووەو و سبەی کورت کراوەتەوە، دەیان گوتەی لە وەرگیراون و بەژمار خەڵک سەرسامییان لە ئاستدا دەربڕیوە.

لە پێشەوە لە لای (نیتشە) گوترا ئەو زمانەی بە جینیالۆجیاوە پەیوەستە، زمانێکی ترازاوە و حەقیقەتی ناسراوی شتەکان دەرنابڕێت، بەڵکوو بەو هێزەی هەیەتی، حەقیقەتەکان تێک دەشکێنێت، تا لە ئاماژەوە بدوێت، کە ناکرێت لە شتی دیاریکراودا بڕوجەستەی بکەین، لە کاتێکدا زمانی هەمانی تاکدەنگ زمانێکی ناسراوی هێژانیە و ئاستوخە حەقیقەتی زانراوی شتەکان دەردەبڕێت، کە پێشتر جەماوەر ناسیویەتی. هەمانی تاکدەنگ بابەتە زەقەکانی وەک شکۆش، زیندان، ئاونان، کەچ و شتی دیکەی لەم بابەتە دەروەژێنێت و بە هەمان

زمانی جەماوەر دەیانگوازنەوە، لە کاتێکدا ڕەمانی فرەدەنگ ئەو بابەتانە کاڵ دەکاتەوە، تا ڕووناکی بخاتە سەر وردەکارییە بڵاوەنراوەکانیان. واتە دیوە شاراوەکانیان دەردەخات و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە کەمپەینێک وەنەی جیاوازدا پێشانیان دەداتەوە، بەیە ڕەماننووسی تاکدەنگ ڕاستەوخۆ ڕووی لە جەماوەر و هیی فرەدەنگ گفتوگۆ لەگەڵ خوێنەری جیاواز دادەمەزرێنێت. ئەوەی لە لای (فۆکۆ) بینیمان، کە پێی وایە پەیوەری بەهاکان لە ڕێی دەستەڵاتە وردەکانەوە خراوەتە گەڕ و وەک شێوەیەکی چاودێری خێی سەپاندووە، تا جەستە بخاتە ژێر کۆنفی خەیاڵەوە و ڕووبەڕووی سزای بکاتەوە، ئەوە لە ڕەمانی فرەدەنگدا دەردەکەوێت، بەوەی شتە زۆرەکان بە لاوە دەنێت و شتە وردەکان لەک دەداتەوە. لەمەوە ڕە دەچێتە ناو کەناڵەکانی پەروەردەی کەمەڵایەتی (socialization) لە چێشنی خێزان، فێرگە، حیزب، پەرستگە، بنکەی کەلتووری و ئەوانەی دیکە، تا نهێنییەکانیان دەربخات. ئەوە پەیوەری بەهاکانە، کە دەستەڵاتەکان پاڵپشتین، ئەو بابەتانەی زۆق کردوونەتەوە و ڕەماننووسی سادەنووسیان پێ فریو دەدات، تا وەنەی دەڕەوێیان بگرێت و لە ڕێی وەسفەوە چینی دیکەیان بخاتە سەر. ڕەماننووسی فرەدەنگ پێچەوانەی ڕەماننووسی تاکدەنگ وا لە دەستەڵات ناڕوانێت، لە شوێنی دیاریکراودا هەیە و بە زۆقی دەردەکەوێت، بەڵکوو وەک (فۆکۆ) و (دولووز) لە گفتوگۆی (ڕەشنبیر و دەستەڵات)دا پێی لەسەر دادەگرن لە هەموو شوێنکدا بەرجەستەیە. یەکەمیان دەڵێت: (دەستەڵات تەنیا خێی لە سانسەرکی ڕووندا مانیفێست ناکات، بەڵکوو بە قووڵی و لەزانانە ڕە دەچێتە نێو تەواوی تەڕەی کەمەڵایەتییەوە، بگرە خودی ڕەشنبیران دەبنە بەشکی ئەم دەستەڵاتە). هەرچی دووەمیانە پێی وایە (ئەوە هەر زیندانییەکان نین وەک منداڵ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵکوو منداڵیش وەک زیندانی لەی دەڕوانرێت. منداڵ منداڵییەک بە سەر دەبات، کە هیی خێی نییە. بەم پێیە ناکرێت نکووڵی لەوە بکەین، کە فێرگە وەک زیندان وایە. خە ڕاستییەکەی کارگە هەر زەر لە زیندان دەچێت). (ڕەڵەان بارت)یش هەر لەم ڕووەوە دەنووسێت: (دەستەڵات ئەمڕۆ لە زیاتر لە میکانیزمەکدا ئامادەیە و بە ناسکی ئاوەڕی کەمەڵایەتی لە دەوڵەت و لە لای چینە کەمەڵایەتییەکانەدا هەڵدەسووڕێنێت، بەڵام بە هەمان شێوە لە مەدەلەکان، بەچوونە باوەکان، فەستیڤاڵەکان، یارییەکان، یانە وەرزشییەکان، هەواڵەکان، پەوەندییە تایبەتەکانی خێزان، تەنانەت لە لای بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانیشدا دەردەکەوێت). لە ڕەی خوێندنەوەی ئەو سە بیرمەندەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین ناکرێت ڕەماننووس بە ئەوەی ڕووبەڕووی دەستەڵات ببێتەوە، لە بابەتە زۆقکاندا پێشانی بدات،

ئەو بابەتانەی سەرزی جەماوەر دەوروووژێنن، کە لەم دەخەدا زمان شەوەی ئاستەوخۆ وەردەگرێت، بەڵکوو پەیوستە بە بچێتە ناو شتە وردەکانەوە، کە ئەو بەچوونە تەنیا گۆڕینی ئاڕاستەی بەخنە نییە، بەڵکوو گۆڕینی سیستەمی زمانیشە. واتە گۆڕینە لە وشەی هووتەوە بۆ ئامـــاژە. گۆڕینە لە جەختکـــردنەوەی مانـــای پەشـــوەختەوە بۆ بڕەمهەنانی مانای نوێ و کراوە.

* * *

بەماننووس لە بەماننی تاکدەنگدا پشت بە چەمکەکی زەق دەدات و دژی چەمکەکـی دیکەی زەق دەوەستێتەوە. بە نمـوونە وا خەی دەردەخـات لایەنگـری ئـازادیيە و دژی چەوسـانەوەیە، لە کاتێکـدا ئەو چەمکە زەقانە هەر خەیان لە ژێر گومانی گەوڕەدان و دەبەت هەبوەشرێنەوە، تا بەهەندی دیکە وەربگرن و ئاڕاستەی تری نەزانراویان لە ببنەوە. چۆن دەنیا ببین ئەوەی ئەو بە ئازادیی دەزانێت، ئازادیيە و ئەوەی بە چەوسانەوەی دادەنێت، چەوسانەوەیە؟ بەماننووسی بەمانی فرەدەنگ بە شەوەیەکی دیکەی جیاواز لە هەموو ئەو چەمکانە دەبەوانێت. با وای دابنێین ئەو چەمکانە کەمەڵـک درەختـن و بە شـەوەی بـازنەیی وەنراون. منداڵەک لەناو بازنەکەدا یاری دەکات، بەڵام یاسای یـاریيەکە ئەوەیە، ئەگەر جەســتەی بەر هەر یەکە لەم درەختـانە بکەوێت، دەدەڵێت و یاریيەکە کەتایی دێت. گوتمان هەموو درەختەکان وەک یەک کەتـایی بە یـاریيەکە دەهەنـن و نەمـانگوت درەختەکـی دیاریکراو. کەواتە بە ئەوەی یاریيەکە بەردەوام ببێت، هەمیشە لەم ناوەڕاســتەدا هەڵــدەبەزێتەوە. ئەو بەشـاییيە مەودای داهەنـانی بەماننووسە، کە مانای ئەوە نییە چەمکەکانیش نابینێت. دەیانبینێت، بەڵام بە گومانی زەرەوە. ئەگەر درەختەکان نەبوونایە، منداڵەکە نەیدەتوانی یاریيەکە بکات، وەک چۆن بەبە ئەو چەمکانە بەماننووس ناتوانێت بنووسێت. لەم دەخەدا یاریی منداڵەکە تێپەڕاندنی ئاستی زانراوی درەختەکانە، وەک چۆن نووسینی بەمانی فرەدەنگ تێپەڕاندنی ئاســتی ناســراوی چەمکەکـانە. کـاتێک چەمکەکـان بە زەقـی لە لای بەماننووسی تاکدەنگ هەن، ئەوە یاریی تێپەڕاندن لە ئارادا نییە، بەڵکوو لایەنگری پەشوەختی ئەمیانە و دژی ئەویان وەستاوەتەوە.

* * *

بەمانی فرەدەنگ لە بەژمار چیرەکی وردووردی جیاواز پێک دێت، کە بە دەربەینی (دولووز) هاوبەگن، بەڵام لە یەک جیاوازن، بە ئادیەک ناکرێت چیرەکێک بەسەر ئەوەی دیکەیاندا زاڵ بکەیت، بەڵام لە

یادەوەری تاکدەنگدا گوتەی ئامادەکراو هەن و بە زمانی ڕۆژانە دەربڕاون، کە وەک یەقین لە دەمی نووسەرەوە دەردەچن و بە خوێنەر دەگەن. لە یادەوەری فرەدەنگدا کەمێک قیبڕۆری جیاواز دەردەکەون و هیچ یەکێکیان جێگەی باوەڕی تەواو نییە، بەوەی دەکرێت بە هەڵدا بچن، یان تەنیا دیوەکی ئەو بابەتە ببینن، کە دەیگێڕنەوە، یان نەتوانن بە دروستی بیگێڕنەوە، یاخود هەر شتێکی دیکە، ئەو خوێنەر بە گومانەوە لە هەموویان دەڕوانێت و بە لێکدانەوەی خۆی وێنەیەکی گشتی لە سەرجەمیان پێک دەهێنێت، لە کاتێکدا یادەوەری تاکدەنگ، دەنگی نووسەری بەسەردا زاڵە، دروستتر تەنیا دەنگی نووسەری تێدا دەبیسترێت، کە هەمان دەنگی زانراوی جەماوەرە، بەبێ ئەو خوێنەرە بە هیچ گومانێک باوەڕی پێ دەکات و لێی وەردەگرێت. بەپێی پرینسیپی (سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی) داڕژراون و پرینسیپی (هەڵسەنگاندن) هەیە کە فۆرمی کورتکراوە و بەبێ ئەوەی ئەو دوو پرینسیپە بووەتەوە و هەوڵی تێکشکاندنی داون. جەماوەر لەو یادەوەرییە ئەوە دەدزێتەوە، کە بە دوایدا گەڕاوە. شاگێشکە دەبێت و دەتوانێت لە بیری بکات، یان بە دەربڕینی (هێنری برگسۆن) ڕاستەوخۆ دەچێتە یادەوەریی عادەتی (habits memory)ی ئەو جەماوەرەوە و بە ئاسانی دەیگێڕێتەوە. یادخنەگری میللییش، کە خاوەنی توانایەکی سنووردارە و لەسەر هەمان هەڵدا هەم بە یادەوەرییە تاکدەنگ و هەم بە جەماوەری ئەو یادەوەرییە دەگاتەوە، بە هەمان زمانی ڕۆژانە پێیدا هەدەڕێت. یادەوەرییەکە کورت دەکاتەوە، بەوەی لەسەر یەک بیرکەی زانراو دامەزراوە و بە کورتکردنەوە ئامادەیە، تا لەوەوە وەک داهێنانێکی مەزن پێشانی بدات. ئایا هەمان یادخنەگری میللی دەتوانێت یادەوەرییەکە لەو یادەوەرییە فرەدەنگانەی ئاماژەیان پێ درا، کورت بکاتەوە؟ دیارە لێرەدا بە شێوەی هێڵها ناڕێین یادەوەرییە فرەدەنگ گوتەی لە وەرناگیرێت، بەکوو دەڕێین کورت ناکرێتەوە و ئەو گوتانەی یادخنەدەزانیش لێی وەردەگرن، زەق و زانراو نین، بەکوو لە ئاستی ئاماژەدان، لە کاتێکدا جەماوەر هەم دەتوانێت یادەوەرییە تاکدەنگی یادەوەرییەکان کورت بکاتەوە و هەم گوتەیشیان لە وەربگرێت. یادخنەگری میللی جاێ مەیبەلایزەیشن بە نووسەری یادەوەرییە تاکدەنگ دەدات، تا جەماوەری بە کە بکاتەوە و بەرهەمکانی بکەن. بە ئەم مەبەستە مەدیای حیزبی و ناحیزبیی لە پێناودا دەخاتە گەڕ. بەم شێوەیە یادەوەرییە مەزن ئەوەیە، ئەو جەماوەرە زیاترین ژمارەی لە کەیوە و زۆرترین گوتەی لە وەرگرتووە. ئەوەی ئەمڕۆ هەمان هەڵدەسەنگێنێت، جەماوەرە، کە یادەوەرییە فرەدەنگ خۆی یادەوەرییە داون هەڵیبسەنگێنن. لە گوتاری (لە یادخنەگر کەیەوە بە

ەخنە چیە)دا هەوڵم داوە ئەو پشتان بدەم، کە هەستەنگاندن بریتییە لە گەینەی نووسەر لە سەبجێکتەوە بۆ ئۆبجێکت. واتە نووسەر بە هۆی بەرهەمکەیەوە دەکرێتە بابەتێک بۆ هەستەنگاندن. هەموو تواناکانی لە دەستنرێنەوە و لەم ساتەوە خاوەنی زمان نییە. ماننووسی تاکدەنگ هیچ کەشێکی لەگەڵ ئەو هەستەنگاندنەدا نییە، بگرە هەوڵی زەر دەدات ئەو جەماوەرە هەیبستەنگنن.

———

بۆ نووسینی ئەم بابەتە، گفتوگۆ لەگەڵ ئەم کەناڵانەدا کراوە:

_ Lodge, David, The Art of Fiction, London, Penguin, 1992.

_ Todorov, Tzvetan, Mikhail Bakhtin The Dialogical Principle, Translated by Wlad Godish, Manchester University Press, 1984.

_ Nietzsche, Friedrich- On the Genealogy of Morals, Translated by Carol Diethe, Edited by Keith Ansell-Pearson, Cambridge Texts in the History of Political Thought, 2007.

_ Deleuze, Gilles, Nietzsche and Philosophy, Translated by Hugh Tomlinson, Continuum, LONDON – NEW YORK, 2002.

_ Foucault, Michel, The Order of Things, An archaeology of the human sciences, A translation of Les Mots et les choses, VINTAGE BOOKS, A Division of Random House, Inc. New York, 1994.

_ Intellectuals and power: A conversation between Michel Foucault and Gilles Deleuze. Available at:

https://libcom.org/article/intellectuals-and-power-conversation-between-michel-foucault-and-gilles-deleuze

_ بارت، رولان: درس السيميولوجيا، ترجمة: عبد السلام بنعبد العالي، تقديم: عبد الفتاح كيليطو، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء، الطبعة الثالثة، ١٩٩٣.

_ ەمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ، گفتوگۆی شاخەوان سدیق لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسووردا.

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات. (کتێبی ئەلیکترۆنی).

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، ڕاگەردان، پاشکۆی بەرهەمەکانم. (پێشکێشکراوە).

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، لە (ڕۆخنەگر کێیە)وە بۆ (ڕۆخنە چییە). (لە وێبسایتی پرسیاری تۆڕی ژنفتندا).

زنجیرە وتاری نووسین بەرەو نووسین.. ڕوو لە چی بکەم..
سەردار جاف

ماوەیەکە دەستت بە جۆرە نووسینێک کردووە، نێک خێت ساغ نەکردەتەوە بگرێ شەرم دەکەی نیشانی کەسانی شارەزا و بە ئەزموونیشی بدەی، هەر خێت دەخەیتەوە، دەشێ هەکارەکەی ئەوە بێت نەتتوانی بێت ڕێچکەی خێت بدەزیتەوە، بە ئەو مەبەستە و یەکلابوونەوەی خێت دەتوانی لە بواری ئەدەبدا لە هەر ڕێچکەیەکدا شتێک بنووسیت، هەر لە شیعر و چیرۆک و نووسینی پەخشان و پەخشانە شیعر کە لای کورد سەرەتا هەر پێنا بە ئەم لایەنانە دەبرێت، وەک خۆ تاقیکردنەوەیەک بزانیت لە کامیان جوانتر دەنووسیت، ئەوەی کە لای تۆ ترۆپک و زۆر ناوازەیە هەرچییەکت نووسیوە ، دەتوانی شەرم لە خۆتدا تووە بدەیت و ڕوو لە کەسکی شارەزا بنێیت و بەرهەمەکەی نیشان بدەیت و ئاستی خێتت پێ بڵێ و ڕێچکەت بدەزیتەوە، کاتێ ئەوەی خێت بە ترۆپکی نووسین دەزانی دوای نیشاندانی پسپۆرە لەو بوارە بێت دەردەکەوێت چەند هەژاری لە نووسین بەدەم کۆە مەدە، لای کوردیش زۆرتر و زیاتر پێنا بە شیعر دەبردرێت، تاکی نا ئاشنا بە بواری ئەدەب پێی وایە شیعر لە هەموو ساناترە، بە دیدی من پێچەوانەکەی ڕاستە، شیعر دونیایەکی زۆر قوڵی هەیە و بە زەحمەت مرۆڤ ئاشنای دەبێ، جا لە بەر ئەوەی زۆربەی گەنجان پێنا بە شیعر دەبەن کە ئەوەیش هەکاری خێی هەیە، دەین لە شیعرەوە دەست پێ دەکەین.
بەڵای من ناکرێ بڵێم ببی بە شاعیر، هەست و گوێی مۆزیکت نەبێ،

کەواتە بەر لە هەموو شتێک کە هەست بە بەهرەیەک لە ناخت دەکەی بە شیعر هەر خەی لە خەیدا هەستە مەزیکەکەت بە دەخوەقەت بەڵام بە هەی ئەوەی هەندە هەزت لە شیعر نووسینە گوە بە هەستە مەزیکییەکە نادەی چونکە سەرەتا هەروا دەبیت، دواتر تەدەگەیت مەزیک چەن بنکەڵەی کردووی و بەئاگای لە خود، شیعر نووسین تەنها بە زەر وشە رەزکردن و سەروا رەکخستن نییە، لە رووی بیرکردنەوە شیعر پابەندبوونی بەسەرەوە نییە وەک وەنەکەردن و پەیکەرتاشی، وەلە بنچینە و رەچەکەکی هەیە کە داوا دەکات خەیاڵێ بەرفراوانکەتی پەوە پابەند بکات، لەوانە هونەری کەش و سەروا، جا بە شارەزا بوون لەم هونەرە چەندین رەگە هەیە، کە پەشتر و لە کلاسیکدا شوەی عەرووز و بەحر بووە، کە ئەمەیان دونیایەکی جەنجاڵێ و بە تەی سەرەتا دەستپەک نەخاسمە لەم سەردەمی پە تەکنەلەژیایەدا، وا بەسانایی ناچیتە ژەر باری و ئەگەر هانیشت بدەم یان بە مەرجی پەشوەختی دابنەم و بە ئاشنا بوون بە عەرووز ناکرە شیعر بنووسیت ئەوا دنیات لەدەتەوە یەک و پەشیمانت دەکەمەوە، بە خەتیش ئەگەر دەتەوی بچیتە نەو ئەم دنیایەوە ئەوا دەکرە کتەبەکەی (رەوانشاد عەزیز گەردی بە ناونیشانی؛ رابەری کەشی شیعری کلاسیکی کوردیت) دەست بکەوەت و بە وردی خوەنەرەکی سوود وەرگرتوو بیت.
بە تەپەینی کات گەڵان و داهەنان لە شیعر نووسیندا کراوە و ئەم گەڵانکاریەیش سانایی بە ئەمە رەخساندووە، لەوانە کەشی هەژماری بەگە بە پەنجە، بە سەرەتای تە ئەم شەوازە زەر لە بارە دەبە شارەزا و ئاشنا بیت، ئەمەیش دەکرە بەڵین تە لە بازاڕ سەوت دەکەیت و دەتەوە هەناریش بکەیت بە کابرای دوکاندار دەڵێی؛ کیلەکەت لابە ئەو سەوەی کەشاوتە بیکە لایەکی تەرازووەکەت بە بارتەقای ئەوە هەناریشم دەوە، لە نووسینی شیعری کلاسیک دەڵێی یەکەمت چەند بەگە بوو پەویستە تەواوی هەموو بەیت و دەڵێکان هەمان بەگە بن بە هەمان دابەشبوونیەوە، بە نمونە :
ئەگەر دە بەگەیي بوو ، دابەشکردنەکەی وا پەیدەو بکە ؛
٥ + ٥ = ١٠ ، دەبە هەتا تەواو بوونی شیعرەکە بەم جەرە بەؤیت لە کەتاییدا هەست بە تام و چەژی شیعرەکە دەکەیت.
یان ٣ + ٣ +٤ = ١٠ ئەمەیش بە هەمان شەوە یان ٤ ٤ + ٢ = ١٠ بەگەیی ئیدی بەو جەرەی خەت دەتەوە بە هەر یەکە لە دەڵێ شیعریەکان کە ٨ بەگەیی ١٢ بەگەیی ١٤ بەگەیی یاخود ١٦ بەگەیی هەرچەن مەبەستت بەت،
بە شیعری ئازادیش، بەگەکانی ، سێ و چوار و پەنج بە قەناغی تە باشن و لە سەری بەردەوام بە، ئەگەر سێ بەگەییت هەبژارد ئەوا گەرەکە دەڵێکانی شیعرەکەت چەنجارەی سێ بن، واتا بەگەکانی هەر

دەرکی شیعرکەت دابەشی سەی بکەی هیچ نامۆنتەوە، دواتر کە بە تەواوی ئاشنای شیعر و مۆزیک بووی ئیدی مۆزیک دەبێتە پێوەری ڕەکخستنی دەقی شیعریت.
کارەکی دیکە کە زانستیانەو ئەکادیمیانەیە نەک بە تەنها بە شیعر بە تەواوی هەر باسەک بینووسیت، پابەند بوونە بە یەکە لەو نموونانەی لە هەر بەشەکی زنجیرە نووسینەکانمان ئاماژەی پێدەدین ئەمجارە باس لە نموونەی سوالیز دەکەین. جیهانی نووسین تایبەتمەندی خۆی هەیە: نووسین ئامانجێکی تایبەت بە خۆی هەیە، گرەکە میکانیزمی بەردەوامی خود لە گەڵ کەمەڵ هەبێت، کار بە گەیاندنی زانیاری بکەیت، ئەو ئەزموونە ژیانییەی خود بە هەل بقۆزیتەوە و بیگەیەنیتە خوێنەر، نووسینی دەقەکانت هەمیشە بە جوانی بخەڕوو " ئەمەیش زمان ڕەهای تێدا دەگەڕێت" بەم جۆرە ئاشنایەتی باش لە پسپۆڕی نووسین بە دەست دێنیت. چۆن ئەم حاڵەتانە دەبێتە بەرهەم ((لە سوالیز دەبە باکگراوەنکی باش لە ئەبستەلەژیدا هەبێت تا بتوانێت مەبەستەکانت بە ئاراستەکان بگەیەنێت، دەسپێکی نووسین لە بیرکە پاشخانکەوە دەست پێدەکات، ئەم پاشخانە کەڵەکەی نووسینە، دەروازەیکی باشە بە مەشقکردن لە سەر دەربڕین و تازەگەری خوێقاندن، هەر بیرکەیەک بە کەمەڵ بیرکەمان پاڵکەش دەکات کە خوێنەر بە چژوێو پێشوازی لە دەکات و دەبێتە بەشدارێکی کارا لە ژانرەکەت، چونکە هەست بە ئاسوودەیی دەکەی کە پێشوازیکەر لە نووسینەکەت هەیە، زنجیرە بیرکەی تازە و ڕەکخراوترت پێشکەش دەکات، واتا؛ پاشخان بەرەو دوو ئاراستەت دەبات، ئاراستەی یەکەم ڕووەو دەقی کەن بە نووسراو و وتنەوە، لەوێوە بە کەڵەکەبوونی زانیارییەکانی وتاربێژی لە لایەک و لە لایەکی دیکە بەرەو هەنگاونانت دەبات، لەم هەنگاوەوە بە ڕەکخستنی گشتی بە هەمان شێوە لە کەڵەکە بوونیشەوە بەرەو ڕەکخستنی گشتی دەچیت لەوشەوە بە شێواز یان ڕێچکەی خەتت دەبات. ئاراستەی دووەم لەو پاشخانە ئەبستەلەژیەوە بەرەو شارەزایی کەنت دەبات لەوشەوە بە دوو لا یەکەیان بە هەنگاونانت دەبات و لە گەڵ ئاراستەی یەکەم یەکدەگرنەوە، لەوشەوە بە ڕەکخستنی گشتی دەچیت، لایەکەی دیکە بەرەو چەمک و ڕاستییەکانت دەبات پاشان لەوێشەوە بە ڕەکخستنە ناوەڕەک و دواتر ئەم ئاراستەیە بەرەو ڕووت یان ڕێچکە دەچێت و هەردوو ئاراستە دەبێتەوە بە یەک وەک ئەم خشتەیەی لە خوارەوەیە.....



سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە ؛

١ – سوالیز (١٩٩٠) تحليل النوعى ، اللغة الأنجليزية في الجلسات الأكاديمية و البحتية ، نيويورک، صحافة جامعة كامبردج.
٢ – مدكور – علي أحمد (٢٠٠٧) طرق تدريس اللغة العربية ، عمان دار المسيرة .

بیرەوەرییەکانی د. سالار باسیرەم خوێندەوە.. هیوا ناسیح

بیرەوەرییەکانی د. سالار باسیرە بە ناونیشانی (ژیانی من لە نێوان بەردارشی نیشتمان و تاراوگەدا)م خوێندەوە، کە ئەمسا لە باشوری کوردستان و بە قەبارەی ماماوەندی و ٢٠٠ لاپەڕەییدا بڵاوکراوەتەوە.

ناوبراو لە ناوەڕاستی سەدەی پێشوودا لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، قۆناغی منالی و هەرزەکاری و سەرەتای گەنجی لەو شارە بەسەر بردوە. ئەوەی چیرۆکی ژیانی ئەم کەسایەتییە لە زۆری تر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە خۆزانی ئەمان چونکە لە ڕۆژهەاتی

کوردستانەوە هاتونەتە باشور و وڵاتنامەی عێراقییان نییە، هەر لە سەرەتای لاوییەوە کێشەی نەبوونی وڵاتینامەی فەرمی عێراقی یەخەیان پێ دەگرێت.
لە سەرەتای کتێبەکەدا مێژووی شاری سلێمانی باس دەکات، کە جێگای بایەخە، بێ نمونە جێگای سەرنجە ناوبراو بە پشتبەستن بە کتێبی (سلێمانی شارە گەشاوەکەم) کە هی جەمال بابانە نوسیویەتی(ئیبراهیم پاشای بابان کە لە ساڵی ١٧٨٤ شاری سلێمانی تەواوکرد دانیشتوانەکەی ئەو کاتەی ٢٠٠ ماڵێک بووە. لەوە ٣٠ ماڵی جولەکەێ بووە) ل ١٣. واتە ئەو کاتە ڕێژەی باوەڕدارانی جولەکە ١٥٪ بووە، بەڵام ئێستا ئەو شارەی کە دەشێ میلیۆنێک دانیشتوانی بێت، کەچی ١٥ جولەکەی تێدا نەمابێت و نەژی! ئەوەی مابێتەوە تەنها ناوی گەورەکانە بە ناوی جولەکان!
هەر لە سەرەتای لاوییەوە ناوبراو کاروکەسابەت و خوێندن پێکەوە گرێ دەدات، لەبەرئەوەی ئەمان گوایا ئێرانین (تەبەعییەی ئێرانی) بەم بیانوەوە لێپرسراوانی بەعس دژن و سەرانەیان لێ وەردەگرن تا بەگرتنیان نەدەن. ئیتر ئەم ترسەی لە دواڕۆژ و دانەمەزراندن لە فەرمانگەی حکومی، گەر خوێندنیش تەواو بکات، توشی نائومێدی دەکات، بەم هۆیەوە ناچار ساڵی ١٩٧٦ و بە تەمەنی ٢٠ ساڵی سەری خۆی هەڵدەگرێت و خۆی دەگەیەنێتە ئەمانیا، کە ئەوکات ژمارەی کوردان بە گشتی و هی باشور بەتایبەتی لە ئەوروپا زۆر کەم بووە. ئیتر وەک هەر کەسێکی تر پەناگەندە و هەڵکەندراو لە وڵاتی خۆی، لە وڵاتی ئەمانیادا لە نۆو کەلتورێکی زۆر جیاواز لە خۆمان دەست دەکات بە زمان فێربوون و کارکردن، سەرەتا کاری سەخت و تاقەتپێوکێن دەکات. مردن، کوشتن و خۆکوشتنی یەکبەدوای یەکی پێنج کەسوکاری پلەیەکی خۆزانەکەیان لە دووەوە وڵاتیدا زەبرگەلێکی توند لە هەوتی ژیانی دەدەن، کە مەگەر هەر ئەو خۆی لەبەردا گرتبێت. هەموو ئەمانە وا دەکەن لە ل١٨ دا بنوسێت: ئەگەر بڕیار لە دەستی خۆمدا بوایە لە دایکبوونم ئەدایەوە دواوە، بێ ویستی خۆم هاتووم و بێ ویستی خۆشم ئەڕۆم و دوچاری ململانێی ژیان ئەکرێمەوە!
دواترهەر کێ نادات و لە خوێندن بەردەوام دەبێت تا لە زانکۆی ماربورگ بەکالوریۆس و ماستەر لە بواری زانستی سیاسی و کۆمەناسی و گەیاندن بڕوانامە وەردەگرێت. پاشتریش ساڵی ٢٠٠٣ لە زانکۆی قورپەرتاڵ بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری زانستی سیاسییدا وەرگرتوە. تێزی دکتۆراکەی بریتی بوو لە (سیستەمی سیاسی بەعس لە عێراق، هۆکارەکانی سەقامگیری و داڕمانی سیستەمەکە).
چەند ساڵێک دواتر دەگەڕێتەوە باشوری کوردستان و لە زانکۆی سلێمانی لە هەردوو کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆلیژی زانستە

سیاسییەکان دەبێتە مامۆستا و پێنج ساڵیش وەک جێگری ڕاگری کۆلیژی زانستە سیاسییەکانی ئێواران کار دەکات. ئیتر لەوێوە ڕادەی گەندەڵی و بێوانامەی ساختە و فێوفێڵی نێو ئەو دامەزراوە زانستییە گرنگەدا وەک نمونەیەک بێ تەواوی دەزگا و دامەزراوە باڵا زانستییەکانی هەرێمی کوردستان، دەزانێت. بەڵام ئەم خاوەن هەڵوێستی خۆی دەبێت و دژی ئەو کارە ناپەسەند و ناشایستانە دەوەستێتەوە، تا دەگات بەوەی پێستەکەی لێ دەستێننەوە. هەر چەندە خۆی پێشتر ساڵانێکی زۆر لە هەندەران ئەندام و کادری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە! لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا چالاک بووە. ئەم ڕەوشە نالەبارە لە ملشکاندن و دووڕوویی و خراپی نێو ژیانی زانکۆ تەواو بێزاری دەکەن، ناسینی ئەو گەندەڵی و واستەکاری و گەندەڵانەی ناو دەزگای فێرکردن و ئاستی زانستی زانکۆکان و بەراوردکردنیان بە زانکۆکانی ئەوروپا، کە ئەم لێی خوێندون، ئەوەندەی تر نائومێدی دەکەن. دوای چەندان ساڵ خزمەت و وانە وتنەوە، دیسان بێیاری گەڕانەوە بەرەو ئەوروپا دەدات و نیشتمان بەجێ دەهێڵێت.

ناوبراو کە لە ساڵانی هەشتاکاندا خۆی و برایەکی لە ئەمانیا بوونە سەربوردەی خۆش و ناخۆشی ئەوکاتی کوردانی ئەو، بەشداریکردنیان لە چەندان چالاکی دژ بە بەعس بە بەگەوە باس کردوە، یەکێکیان کە لە شاری بۆن و ڕێکەوتی ٢١ تا ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢ رویداوە دەگێڕێتەوە، کە چۆن ئەمان چل پەنجا کەسێک بوونە لە کوردانی ئەمانیا و خۆپیشاندانیان دژ بە بەعس کردوە، باوەزی عێراقی ئەوکاتی سەربە بەعسیش نزیکە ١٢٠ کەسی لە عەرەبی عێراقی و فەلەستینی لوبنانی بەرامبەریان کێکردێتەوە و بەدار و چەقۆ و بەرد پێکدا هەڵپژاون و ٢٦ کەس لە هەردوولا بریندار بوونە، کە یەکێکیان دکتۆر ئەحمەدی برای ئەم بووە، زۆر بە سەختی و بریندار بووە، زەبر بەر سەری کەوتوە (وێنەکەی لەسەر بەرگی کتێبەکەیە).

لە بەشێکی تردا باس لە داگیرکردنی کەنیسەیەکی گەورە و مێژوویی لە شاری فرانکفورت دەکات لە لایەن کوردە چالاکوانە سیاسییەکانەوە، ئەمەش وەک ناڕەزایەتییەک دژ بە ڕژێمی ئێران و هێرشی سوپای خومەینی بۆ ڕۆژهەاتی کوردستان، تاوەکو لە ڕاگەیاندنەکاندا دەنگی کورد بگات، چونکە ئەو کات بە دەگمەن ڕاگەیانەکانی ئەوروپا و جیهان باسی کوردیان دەکرد، لەبەر ئەوەی قەشەکە کابرایەکی ناحاڵی و توند و کەلەڕەق بووە، هەوڵ بە پۆلیس دەدات، کە کوردەکان کۆنترۆڵی ئێرەیان کردوە و دەیانەوێت بیتەقێننەوە، بۆیە سەعاتێک ناخایەنێت نزیکەی ٢٠ تا ٣٠ ئۆتۆمبیلی پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە دێنە دەورووبەری کەنیسەکە و چواردەوری دەگرن، دەیان پەیامنێر و کەناڵی

میدیای ئامادە دەبن لە شوێنەکە، ناچار ئەمان دوای چەند سەعاتێک دێنە دەرەوە و خۆیان ڕادەستی پۆلیس دەکەن. ئەوەی سەیرە لێرەدا دوای گیرانی ئەمان، خوێندکارێکی هاورێیان کە لە کۆلیژی ئەدەبیات بووە و خەڵکی هیندستان بووە، سەردەکەوێتە سەر منارەی (قولە)ی کەنیسەکە بە بەرزی نەوەت مەتر بێ پشتگیری ئەمان، هەرچەند هەوڵی لەگەڵدا دەدەن، داوا دەکات سەرجەم کوردەکان ئازاد بکرێن و قەشەش داوای لێبوردنیان لێ بکات ئینجا دێتە خوارێ، ئەگەرنا خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە و خۆی دەکوژێت! چونکە کوردەکان لە سەر مەسەلەیەکی هەوا و بۆ مافی خۆیان تێدەکۆشن. ئیتر ئەم ڕووداوە ئەوەندەی تر لە میدیا دەنگ دەداتەوە و بابەتەکە گەورە دەبێت!

مرۆڤ دەبێت بە ویژدانەوە بگەڕێت، کە ئەوەی لە ساڵانی هەشتاکاندا د. سالار و هاورێکانی چ لە نێو کۆمەڵەی خوێندکاران و چ لەدەرەوەی ئەو ڕێکخراوە ئەنجامیان داوە نیشانەی بوێری و جێگای شانازییە بۆیان، هەڵوێستێکی مەردانە و کوردانە و نیشتمانپەروەرانە بووە. ئەگینا ئەمان لە وڵاتی ئەوروپا و لە هیچیان کەم نەبووە، هیچ پاڵنەرێکی تر نەبووە غەیری دڵسوتان بە خاک و خوێن و نیشتمان و نەتەوەکەیاندا.

لە بەشێکی تردا لا ١٥٠ تا ١٥٤ی تەرخان کردوە بۆ بابەتێک بە ناونیشانی (نەوشیروان مستەفا و هەوڵی ئازاردانم)، نوسەر باس لەوە دەکات، کە نێوەرۆیەکیان ئەم تێل بۆ نەوشیروان مستەفا دەکات، ڕێکەوتەکەی نەنوسیوە، بەڵام پێ دەچێت سەرەتای دوو هەزارەکان بێت. ئەم پێی دەگێت کە حەز دەکات سەردانی بکات لە ماڵەکەی خۆی، ئیتر لەگەڵ هاورێیەکیدا دەچێت بۆ لای، کاتێک دەگەنێ ئەوێ سەلاح ڕەشیدیش لەوێ دەبێت، کە ئەم نێوانی سارد لەگەڵیدا، نەوشیروان لەگەڵ ئەمدا سارد دەبێت، بۆ ئەوەی، بە پێی گێڕانەوەکەی خۆی، هیچ جۆن، هەڵەشە، یان قسەیەکی ناشرینی پێ بگێت، کە چی ئەم دێت پێنج لاپەڕەی لەسەر نوسیوە و بە یەقینەوە ناونیشانەکە وا نوسیوە، کە گوایە ناوبراو هەوڵی ئازاردانی داوە! من وەک خوێنەرێکی کتێبەکە و وەک کەسێکیش چەند جارێک لە نزیکەوە، کاک نەوشیروانم بینیوە و هەندێک کەسایەتی ناوبراوم ناسیوە، هەست دەکەم ئەم لێرەدا ناهەقی بەرامبەر کردوە، دیارە مرۆڤ دەکرێت ڕەخنە لە هەموو کەسێک بگرێت، بەڵام ناکرێت، تەنها لەبەر ئەوەی یەکێک لەگەڵت ساردبووە، کە هەق نەبوو وابێت، تۆ بڵیت، بۆ هیچ بەڵگەیەک ناوبراو تاوانبار بکەیت، کە ویستویەتی ئازارت بدات، پاشان خۆ ئەو بەدوایدا نەنارد بوو، بەکو کاک دکتۆر خۆی تێلی بۆی کردوە و ویستویەتی سەردانی بکات. نەوشیروان گەر ویستبێتی کەسێک ئازار بدات، دەیان کەسی لەبەردەست بووە، پۆیستی بەوە نەبووە لە ماڵی خۆیدا ئەنجامی بدات. بەڵام

خ‌ی مر‌ۆڤ‌کی قسه له‌وو و ساردبووه له‌گه‌‌ کەسانکدا حه‌زی پ‌ نه‌کردبن. ب‌ه‌ ئه‌م بابه‌ته ناوه‌‌کەکەی لاوازه و خ‌ۆزگه کاک دکت‌ۆر نه‌یده‌خسته ن‌ێو کت‌ێبه‌که‌یه‌وه.
به گشتی ژیانناممەکه سه‌رنجراک‌ێشه، شایه‌نی خو‌ێندنه‌وه‌یه، خو‌ێنه‌ر به به‌ش‌ێکی م‌ۆژووی سل‌ێمانی، کوردانی هه‌نده‌ران و به‌تایبه‌ت ئه‌مانیا سا‌ڵانی حه‌فتاکان و هه‌شتاکان ئاشنا ده‌کات، مر‌ۆڤ دوای خو‌ێندنه‌وه‌ی کت‌ێبه‌که به چیر‌ۆکی تا‌ڵی ئه‌و کوردانه ئاشنا ده‌ب‌ێت، که ره‌گه‌زنامه‌ی ع‌ێراقییان نه‌بووه و به‌ز‌ۆر ک‌ۆچیان پ‌ێکراوه به‌ره‌و ئ‌ێران، که ده‌یان هه‌زار که‌س بوونه و ز‌ۆربه‌شیان له به‌غدا ژیاون.سه‌ره‌‌ای ئه‌وه‌ی که چیر‌ۆک و رووداوه‌کان ده‌ریده‌خه‌ن، که کاک دکت‌ۆر پیاو‌ێکی به هیممەت و به ئیراده و به‌ه‌ێز بووه به‌رامبه‌ر ئه‌و هه‌موو کاره‌ساته جه‌رگب‌ڕ و ناخ‌ۆشانه‌ی رووبیان ت‌ێکردوه. ئه‌و‌ه‌ی جێگه‌ی داخه هه‌ند‌ێک له سه‌ربورده و رووداوه‌کان م‌ۆژوبیان نه‌نوسراوه، مر‌ۆڤ نازان‌ێت که‌ی رووبیانداوه، جگه له‌مه‌ش له کت‌ێبه‌که‌دا ده‌یان و‌ێنه ب‌ڵاوکراونه‌ته‌وه، که ب‌ڵ‌ێکیان بایه‌خی م‌ۆژوبیی خ‌ۆیان هه‌یه، به‌ڵام به‌داخه‌وه هه‌ند‌ێک له و‌ێنه ‌ه‌شوسپییه‌کان ‌ۆون نین.

پ‌ێنجر‌ه‌یه‌ک ب‌ ‌ۆووی ناسینی دید و ت‌ێ‌ڕوانینی ف‌ۆڵکان و ئیسلامی سیاسیی.. ستیڤان ش‌ێمزینی

بیر‌ۆر‌ی‌ێکانی ف‌ۆڵ‌ۆکی گوم‌ڕا:
پ‌ێنجر‌ه‌یه‌ک ب‌ ‌ۆووی ناسینی دید و ت‌ێ‌ڕوانینی ف‌ۆڵکان و ئیسلامی سیاسیی/ ستیڤان ش‌ێمزینی

بیر‌ۆر‌ی‌ێکانی ف‌ۆڵ‌ۆکی گوم‌ڕا وه‌ک ت‌ەما و م‌ژار، شایانی س‌ەرنجدانکی وردتر‌ە، دەشێ چاوکی تێبینیکار، فر‌ەهەندتر لە خ‌ۆی س‌ێری ئەم بیر‌ۆر‌ی‌ێانە بکات. گرنگی ئەم بیر‌ۆر‌ی‌ێانە هەر ئ‌ۆون‌ەدە نی‌ێە، وردە م‌ژوو لە د‌ڕ‌ۆی حیکای‌ەتە گ‌ۆر‌ەکانی سیاس‌ەتمەداران د‌ۆروژن‌ەت، ب‌ڵکو نرخ‌ە م‌ژوبیی و فیکری‌ێکی‌ی ل‌ۆدای‌ە، ئاو‌ە ل‌ەس‌ەر جێری ژیان و بیرکرد‌ن‌ۆ‌ی ئیسلامی سیاسیی

دەداتەوە، کە تا ئێستا ئەم کەمتر لە وردەکارییەکانی بە ئاگاین. پەمخۆش بوو، بەشێکی فراوان لەوانەی پێشتر کە ئەزموون و کاری ئیسلامی و باکگراوەندی ئاینییان هەبووە، ئێستاکە کەوتوونەتە مەترسیزی دژە فەندەمێنتالیزم و سیکولاریزمەوە، لەبری چەمکسازیی و فرێشتنەوەی قسەی گەورە و قووڵ، پێشنیاری هەر کارێکی تر، ئیشێکی لەم جۆرەی کاک "شەماڵ"یان بە ئەنجام بگەیاندایە، پەموایە ئەمیان سوودێکی زۆرتری دەبوو بە خوێنەر و کەمەگە، بە تایبەت هەندێک لەو بەڕێزانەی ئێستاکە پەگەزێکی ئەکادیمی بەرزیان هەیە و باشتریش بەهرەمەندبوون لە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبکانیان، لایەکی تریشەوە، زیاتر قاڵبووەوەی شەریعەت و پەگەی سیاسییان لە حزبکانی ئیسلامی سیاسییدا لە شوێنکی بەندتر بووە، بەڵام کە ئەو ئەرکەیان رانەپەڕاندووە، بگومان جێگەی گلەییکی زۆرن.

کاتی خۆیشی کە ئەم زنجیرە بیرەوەرییەم لە ماڵپەڕی "دەنگەکان" خوێندەوە، هەقاڵەتیم لەگەڵ نووسەردا نەبوو، لە ڕەگەی هاوڕێیکی تریشەوە پەیامێکم بە نارد، کە ئەم پێشکێشەش هەر لەو ناوڕاستەکە پێکهاتووە و داوام کرد کە نووسەر ئەم ئوتوبیۆگرافییە، درێژە پێبدات و هیچ کات دەستبەرداری نەبێت، تا دەبێتە کتێبێک. لەبەرئەوەی ناواخنی ئەم بیرەوەرییانە، کەرەستەی خاون بە لێکۆڵینەوەی سیاسیی و کەمەناسی، تەنانەت دەروونناسیش. چونکە ئەم پەنجەرەیەکە بە ڕووی ناسینی دید و تێڕوانینی فەقێکان و ئیسلامی سیاسیی بەشێوەیکی گشتگیر لە بەرامبەر دنیای دەوروبەر و کەتواری فەرهەنگی و کەمەڵایەتی جڤاتی کوردیی. من، یان هەر کەسێکی تر، هەقیقەتی ئیسلامی سیاسیی لە ڕەگەی ئەم بیرەوەرییانەوە دەناسین، نەک لە زمانی میدیاکانیانەوە، کە هەمیشە شتێک لە تاریکیی دەیاندا دەشارنەوە. گرنگی ئەم زنجیرە یادەوەرییانە، ئەوەیە چووەتە پشتی کەواڵیس و پەردەی لەسەر زەر لایەنی پەنهان و گەلێک وردەکاریی نەزانراو هەڵماڵیوە، کە تا هەنووکە کەم باسکراون یان بیستراون.

بیرەوەرییەکانی فەقێکی گومڕا، زەر تەمای بەنرخی تێدایە، کە خوێنەر هادەکەشن. ئەوە ڕاستە ئوتوبیۆگرافی شتێکی تەواو پریقاتە و هەوداوەکە لە ڕابردووەوە هەویداوە، ئیدی بابەتەکە لەو جێگەیەدا لە پرسێکی تاکەکەسی دەردەچێت، کە دەیەوێت پەمان بڵێت، ئەمە چۆن و بە چ نیگایەک سەیری ژیان و کەمەگەمان کردووە؟ تەرزێک لە بیرکردنەوەی گروپێکی سیاسیی و کەمەڵایەتیمان پێدەناسێنێت، وەک گوتم، لەدەرەوەی هەوانەی گشتگیرەکە، کەمترین زانیاریی لەو جۆرەمان دەستکەوتووە. کاتی خۆیشی پێشنیارم کرد ئەگەر هیچ کتێبکی چاپ نەکردووە، پەویستە نووسەر ئەم زنجیرەیە بکاتە کتێب، ئەوەش

پاش ئەوەی من لە خەندنەوەیاندا بەر جیهانێکی تر کەوتم، هەر لە دوورەوە بینیبووم و بە زرینەی خەکیش هەروا. ئەو بەشی ژیرەوەی ئەو شاخە سەهۆڵینەی ناو ئەقیانووسی نیشاندراین، کە بەتەنیا لوتکەکەی دیاربوو. خۆ ئەگەر من دەزگایەکی چاپم هەبووایە، لە ڕیزبەندییەکەدا شانسی یەکەمم بۆ زنجیرە بیرەوەرییانە دەدا، بۆ ئەوەی وەک کتێب بچێتە ژێر چاپەوە. هەبێتە من پێشنیارێکی تریشم کردبوو، کە ئەگەر توانای ئەدەبیی کاک شەماڵ ئەوەندەیە "شیعرەکانیم خوێندووەتەوە" بتوانێت ئەم بیرەوەرییانە لە فۆرمی ڕۆمانێدا بۆرهەم بهێنێتەوە، ڕەنگبێ کارێکی نایاب بێت، چونکە ئەوەندە ماتریاڵی چیرۆکئاسای تێدایە، ئاگر لە خەیاڵی چیڕۆکخوێن بردەدەن. وەک خۆم دەخۆشم. ئەم کتێبە ئەگەرچی بە ژمارێکی کەمەوە چاپ دەبێت، بەڵام ئەو شتە هاتە بۆرهەم، کە کەمێگەی ئەمە پێویستی پێبوو. لەوانیە هەشتا هەبن بایەخی ئەم کارە تێنەگەن، بەڵام ئێستۆکانیش دەمودەست دڕوشانەوەیان نابینرێت.

گۆیندەوە.. نەوزاد بەندی

بریا
گۆیندەوەی سەرێک هەبووایە
بە ساقی باقی …
کەمێک سەرکمان
بە کەمێک سەرێک ئەگۆیندەوە ..
سەر بە سەر ..
یان بە شتە باقی ..

تە بەڵێی هیچ سەرکە ،
ڕازی بێ
عەرشکەیمان بە چەک کا و
ببە بە
پاشای عەراقی ؟

بەڵکو بە نەوتکە هەخەڵەتە ..
دووانی هەیە ،

دووانی تر قەرزکا
بە لاقی ..

بە ەاستی بەزار بووین
لە سەد ەوویی و
هەزار فاقیی ..

ـــــنەوزاد بەندی ـــــــــــــــــــــــــ